فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان ئیدانەی هێرشی سەر ناوچەی جەرف نەسر دەکات

ئەمڕۆ چوارشەممە، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، محەممەد شیاع سودانی، ئیدانەی ئەو هێرشەی کرد کە ناوچەی جەرف نەسری کردە ئامانج، هاوکات دەزگا ئەمنییەکانی راسپارد کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە یاساییەکانیان. باسم عەوادی وتەبێژی حکومەت لە راگەیندراوێکدا بڵاویکردەوە: "حکومەتی عێراق جەخت لەوە دەکاتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڵکشانەی ئەم دواییە دەکات کە لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە گۆڕەپانی عێراقدا ڕوویداوە، وەك هەڵکشانێکی مەترسیدار کە پێشێلکارییەکی قبوڵنەکراو بۆ سەر سەروەری عێراق لەخۆ دەگرێت، لە هەموو بارودۆخێکدا پابەندین بە پاراستن و بەرگریکردن بە پێی ئەرکە دەستووری و یاساییەکانی حکومەت". ئاماژه ی به وه شدا: "بە توندی ئیدانەی ئەو هێرشە دەکەین کە ناوچەی جورف ئەلنەسری کردە ئامانج، وە بەبێ ئاگاداری دەزگاکانی حکومەتی عێراق ڕوویدا، ئەمەش پێشێلکردنی ڕوونی سەروەرییە و هەوڵێکە بۆ تێکدانی دۆخی ئاسایش و سەقامگیری ناوخۆیی، چونکە حکومەتی عێراق تایبەتمەندە بە جێبەجێکردنی یاسا و لێپێچینەوە لە پێشێلکاران، ئەوەش مافێکی تایبەتی خۆیەتی و هیچ لایەنێکی دەرەکی مافی ئەوەی نییە لەبری ئەو ڕۆڵ بگێڕێت، ئەمەش بە پێی سەروەری دەستووری عێراق و یاسا نێودەوڵەتییەکان قبوڵکراو نییە". هەر بە پێ راگەیندراوەکە جەخت لەوە کردوەتەوە" کە بوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق پشتیوانی لە کاری هێزە چەکدارەکانمان

دەکات لە ڕێگەی مەشق و ڕاهێنان و ڕاوێژکردنەوە، و ئەوەی کە ڕوویدا پێشێلکردنی ئاشکرای ئەو ئەرکەیە کە ئەندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە پێناویدا بوونیان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە خاکی عێراقدا، بۆیە داوا دەکرێت بە شێوەیەکی تاکلایەنانە هەڵسوکەوت نەکات و پابەند بێت بە سەروەریی عێراق و بە هیچ شێوەیەك قبوڵی پێشێلکردنی ناکرێت". ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی "حکومەتی عێراق جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو لە ڕووی دەستورییەوە لایەنی بەرپرسیارە لە نەخشاندن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت و پاراستنی سیستەم و سەقامگیری و بەرگریکردن لە ئاسایشی ناوخۆ، بۆیە هەر کردەوەیەکی چەکداری یان چالاکییەك کە لە دەرەوەی دامەزراوە سەربازییەکان ئەنجام بدرێت کردەوەیەکی ئیدانەکراوە و چالاکییەکە لە دەرەوەی یاسا و بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی دەخاتە مەترسییەوە و هەر تاخمێکی چەکداری پابەندی ئەم بنەمایە نەبێت ئەوە دژی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی کار دەکات و حکومەت ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراق".

ئاماژەی بە ئەوەیش کرد کە" فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی فەرمانی بە هەموو هێزە چەکدارەکان و هەموو دەزگا ئەمنییەکان کردووە کە ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن و یاسا جێبەجێ بکەن و ڕێگە نەدەن هیچ لایەنێك زیان بە ئاسایش و سەقامگیری وڵاتەکە بگەیەنێت کە لە ڕێگەی قوربانیدانی هەزاران شەهیدی ڕۆڵەی گەلەکەمان و هێزە ئەمنییە پاڵەوانەکانمانەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە بەدەست هاتووە، بۆیە پاراستنی لە ئەستۆی هەمووانە و نابێت هیچ لایەنێك بە هیچ شێوەیەك پشتگوێی بخات".